زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی
وزانستە وەرزشیەکان

# (القياس و التقويم )
# (پێوانە و هەڵسەنگاندن)

د. سامان مغديد عبدالله
**MSc. In Science in Sport & Exercise Science**

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# بنەمای  زانستی بۆ تاقیکردنەوەی باش لە بواری وەرزشی

(راستگۆی، جێگیری، بابەتی بوون)

# چەند خالێك وادەكات بنەما زانستیەكان بۆ تاقیكردنەوە بدۆزرێتەوە

1. ئەگەر تاقیكردنەوە نویێ دانرابێت، پێویستە بنەما زانستیەكانی بدۆزرێتەوە.
2. كاتێك تاقیكردنەوەی نوێ، لە ژینگەیەكی (بیانی) دانرابێت وە بوویسترێت لەسەر ژینگەی ناوخۆی یان لە ژینگەیەكی ترجێ بە جێ بكرێت، پێویستە بنەما زانستیەكانی بدۆزرێتەوە.
3. كاتێك تاقیكردنەوە دانرابێت بۆ تەمەنێكی دیاریكراو وە بویسترێت جێ بەجێ بكرێت بۆ تەمەنێكی تر، پێویستە بنەما زانستیەكانی بدۆزرێتەوە.

# بنەمای زانستی بۆ تاقیکردنەوە
# (راستگۆی، جێگیری، بابەتی بوون)

**یەکەم/** راستگۆی تاقیکردنەوە یەکێکە لە بنەما زانستیانە کە پێویستە هەبێت لە تاقیکردنەوە.

راستگۆی پێناسە دەکرێت: (ئەو تاقیکردنەوەی کە سەرکەوتوو دەبێت لە پێوانە کردنی ئەوەی بۆی دانراوە).

یان راستگۆی پێناسە دەکرێت بەوەی ( ئەو ئاماژەیە کە ئاماژە بە ووردی تاقیکردنەوە دەدات، لە پێوانە کردنی دیاردە و خەسلەت و سیفەتی ویستراو بۆ پێوانە کردن)

# سروشتی راستگۆیی

1. راستگۆی پەیوەندی بە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەیە (ئەنجامەکانە) نەوەك بە تاقیکردنەوە خۆی بەڵکۆ ئێمە دەربارەی راستگۆی نمرە و ئەنجامەکان دەدوێن.
2. راستگۆی بە نمرە ئاماژەی پێ دەکرێت واتا ئاماژە بە (راستگۆی و نا راستگۆی) ناکرێت بەڵکو پێویستە ئاماژە بە راستگۆی نمرەی ئەنجامی تاقیکردنەوە بکرێت وەك ئەوەی بڵێین راستگۆی تاقیکردنەوەیەك (0.75)ە بەڵام راستگۆی تاقیکردنەوەیەکی تر (0.45)ە.
3. راستگۆی ناکرێت گشتگیر بێت واتا راستگۆی تایبەتە بە بوارێکی دیاریکراو یان بەکارهێنانێکی دیاریکراو.
4. راستگۆیی جۆرییە واتا راستگۆیی تاقیکردنەوەیەك بۆ پێوانەکردنی دیاردەیەك ناکرێت راستگۆ بێت بۆ دیاردەیەکی تر.

# جۆرەکانی راستگۆیی (أنواع الصدق)

1. راستگۆی ناوەرۆك (الصدق المحتوى أو المضمون).
2. راستگۆی بەستراو بە مەحەك (الصدق المرتبط بمحك) دووجۆرە:

(أ) راستگۆیی هاوکاتی (الصدق التلازمي).

(ب) راستگۆی پێشبینی (الصدق التنبؤي).

3. راستگۆیی گریمانی (الصدق التكويني الفرضي) کە دوو جۆرە:

أ. راستگۆیی روالەتی (الصدق الظاهری)

ب. راستگۆیی خوودی (الصدق الذاتي).

# 1. راستگۆی ناوەرۆك (الصدق المحتوى أو المضمون).

ئەم جۆرە راستگۆییە ئاماژە بە ئەوە دەدات تا چەند تاقیكردنەوە توانای پێوانەكردنی بواری دیاریكراوە لە رەفتار یان شیكردنەوەیەكی رێكی دیاردەو خەسلەت و سیفەتی هەیە.

# بۆ دڵنیابوون له راستگوی ناوەرۆك (الصدق المحتوی) ئەم هەنگاوانه دەگریته بەر:

1. شیكردنەوەی ووردی دیاردە، به شیكردنەوەیەكی ووردو روون له هەموو لایەنێكیەوە.
2. لێكۆڵینەوە لەهەر پێكهاتەیەكی بەشێوەیەكی پوخت به پێ چوارچیوەی دیاریكراو چ تاقیكردنەوەی جوولەیی بی یان زانینی بی.
3. هەڵبژاردنی هەڵسەنگێران زۆر به ووردی وه دانانی پێوەر بۆ هەڵبژاردنیان.

لێرەدا راستگۆی ناوەرۆك  وەلأمی ئەو پرسیارە دەداتەوە:
تا چەند تاقیکردنەوە توانای پێوانەکردنی بوارێکی دیاریکراوی هەیە لە رەفتار.
بۆ نموونە// ئەگەر ئامانجەکە دانانی تاقیکردنەوەیەك بێت بۆ نەرمی جوولەیی بەشەکانی لەش. پێویستە سەرەتا تێگەیشتن و تایبەتمەندی ئەو سیفەتە  جەستەییە وە هەموو لایەنیکی پەیوەندیدار پێ بزانرێت لە پێناو دەستنیشانکردنی لایەنی پێوەندیدار بە و سیفەتە وەك.
(نەرمی بربرەی پشت، نەرمی جوومەگەی شان هتدا....

# ئەم رێگایانەی کە بەکاردێت بۆ هەژمارکردنی راستگۆی ناوەرۆك (الصدق المحتوى)

**یەکەم/ بیرکردنەوەی راستی**

دەبێتە دوو رێگا:

أ. وەرگرتنی رای کەسانی شارەزا و پسپۆر:

ب. شیکردنەوەی دیاردەکە لەرێگای شارەزایی کەسیی لێکۆلەر یان کەسی وەرزشی.

**دووەم/ شیکردنەوەی لێکۆلینەوەی پێشوو کە لەسەر هەمان بابەت کراوە.**

# أ. وەرگرتنی رای کەسانی شارەزا و پسپۆر:

لەم رێگایەدا دیاردەکە لە (أستمارە) یەك نیشانی  کەسانی شارەزا دەدرێت یاخود لەرێگای چاوپێکەوتنیدا نیشانی کەسانی شارەزا دەدرێت بەمەبەستی وەرگرتنی رایان لەسەر دیاردەکە و بەشە پیوەندیدارەکانی.

چۆنیەتی دەستنیشانکردنی بەشەکانی دیاردەکە، پاش وەرگرتنی رای شارەزایان بەو جۆرە دەبێت ئەگەر لەشارەزایان رازیبوون لەسەر بەشەکانی دیاردەکە بە رێژەی 75%.

بەلأم هەندێك لە لێکۆلەرانی تر بەشەکانی دیاردەکە دەستنیشان دەکەن  بە رازیبوونی شارەزایان لەسەر بەشەکانی دیاردەکە بە رێژەی 50%.

# ب. شیکردنەوەی دیاردەکە لەرێگای شارەزایی کەسیی لێکۆلەر یان کەسی وەرزشی

لەم رێگایدا کەسیی لێکۆلەر یان کەسی وەرزشی خۆی هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی دیاردەکە بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی وە ئەمەش پشت بە شارەزایی کەسەکە دەبەستیت کە پێویستە هەیبێت.

پێویستە چەند سیفەتێك لە کەسیی لێکۆلەر یان کەسی وەرزشی هەبێت تا بتوانێت دیاردەکە شیبکاتەوە بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی:

1. شارەزایی کەسی لە بواری تایبەتمەندیەکەی
2. ئەمانەتی زانستی
3. بیر فرەوان بێت
4. زانینی فرەوان بێت

# دووەم/ شیکردنەوەی لێکۆلینەوەکانی پێشوو کە لەسەر هەمان بابەت کراوە.

لەم شێوازە لێکۆلەر یان کەسی وەرزشی لە سەرچاوەی زانستی بە دوای دیاردەکە دەگرێت کە لەسەر هەمان بابەت کراوە.

**لێکۆلەر پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبات لەم بارانەی خوارەوە:**

یەکەم// کاتێك ژمارەی کەسانی پسپۆرو شارەزا کەم بێت یان شارەزایان باش نەبێت.

دووەم// سەرچاوە زانستییەکان وە لێکۆلینەوەکانی پێشوو بە ژمارەیەکی زۆر و بە جۆری باش بەردەست بێت.

# هۆكاره كاريگەرەكانى سەر راستگۆى تاقيكردنەوە

ئەنجامى راستگۆى تاقيكردنەوە لەسەر چەند هۆكارێك دەوستێت كە لەسەر سێ كۆمەلە دانراوە:

يەكەم/ هۆكاره پەيوەنديدار بە تاقيكردنەوە خۆى:

وەك

1. درێژى تاقيكردنەوە وە زۆرى پرگەو پێكهاتەكانى
2. ناروونى لە رێنماى تايبەت بە تاقيكردنەوە
3. ناگونجاوى ئاستى تاقيكردنەوە بە كەسانى تاقيكەر
4. جێگيرى تاقيكردنەوە
5. مەحەك.

**دووەم/ هۆکارە پەیوەندیدار بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە:**

وەك

1. رەچاو نەکردنی بارودۆخی تایبەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان وەکو (بارودۆخی کاتی، شوێنی، وکەش و هۆائی)
2. پەیرونەکردنی مەرج و رێنماییەکانی تاقیکردنەوە.
3. کاتی پێویست بە تاقیکردنەوە چ تاقیکردنەوەی ئەنجامدان بێت یان تاقیکردنەوەی نوسینی بێت.
4. هەڵەکردن لە تۆمارکردنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە.

**سێ یەم/ هۆكارە پەیوەندیدار بە تاقیكەر خۆی:**

وەك

1. ڕەگەز:
2. ئاست:
3. تەمەن و بارودۆخی تەندروستی:
4. هەروەها هۆكاری گرنگتریش كە كار دەكاتە سەر ڕاستگۆی تاقیكردنەوە نەرەخساندانی هۆكارەكانی سەلامەتی و خۆشی و هاندان كاریگەری نەرێنی لەسەر ڕاستگۆی تاقیكردنەوە دەبێت.

# 2. جێگیری

جێگیری پێناسە دەکرێت بە وەی: تاقیکردنەوە هەمان ئەنجام بدات ئەگەر دووبارەکراوە لەسەر هەمان تاکەکان و هەمان بارودۆخ.

معامل الثبات پێناسە دەکرێت: (پەیوەندی نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوە کە دووجار جێ بە جێ دەکرێت لە نێوانیاندا کاتێکی دیارکراو لەسەر هەمان (تاقیکەران) (العینە).

# تێگەیشتن دەرباری جێگیری

- جێگیری پەیوەندی بە ئەنجامی تاقیکردنەوە و پێوانە هەیە نەوەك تاقیکردنەوە و پێوانە خۆی.
- پێویستە بزانرێت جێگیری مامەلە لەگەڵ ئەنجامەکان و نمرەکانی تاقیکردنەوە پێوانە دەکات.
- جێگیری گرنگە بۆ تاقیکردنەوەکان بەلأم بەدیلی راستگۆی نیە چونکە لەوانیە تاقیکردنەوە جێگیر بێت بەلأم مەرج نیە راستگۆ بێت.

## نموونە بۆ جێگیری//

ئەگەر تاقیکردنەوە کرا لەسەر کۆمەڵە کەسێك(یاریزان) وە نمرەی هەریەکمان بەدەست کەوت لەو تاقیکردنەوەیە دواتر دووبارە تاقیکردنەوەکەمان ئەنجامدا لەسەر هەمان کۆمەڵەکە، وە دووبارە نمرەی هەر یەکێك لەو کۆمەڵەمان بەدەستکەوتەوە ئەگەر نمرەکانی لە جێبەجێکردنی لە جاری یەکەم و دووەم بەیەك چوو ئەوا پێی دەگوترێت نمرەی جێگیری تاقیکردنەوەکە بەرزە.

بەڵام ئەگەر نمرەکانیانی بەدەستهاتوو بەرزو نزمی هەبوو ئەوا واتا ئەو ئەنجامەی بەدەست هاتووە هەڵەی تێدایە وە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان دەبێت وە پاشان نزمی لە کرداری جێگیری دەبێ وە تاقیکردنەوەکە جێگیری نابێت .

جێگیری بە ئامار دەپێورێت ئەویش بە هەژمارکردنی کرداری پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی تاك کە بەدەست کەوتووە لە یەکەم جار و دووەم جاری تاقیکردنەوەکە.

وەکرداری جێگیری دەکەوێتە نێوان (**هیچ ، وە ±** )

## ڕێگاكانی هەژماركردنی جێگیری :

. ڕێگای دووبارەكردنەوەی تاقیكردنەوەكە .

ب. ڕێگای دووبەش كردن.

. ڕێگای وێنەی (بەرامبەریەك – وەكویەك) .

# – رێگای ئەنجامدان و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە

ئەم رێگایە بە زۆرترین رێگای بەکارهێنەر دادەنرێت بۆ هەژمارکردنی کرداری جێگیری وە بەتایبەتی لە بواری پەروەردەی وەرزشیدا . وە ئەم بیرۆکەیە پشت دەبەستێت بە دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە پاش ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر تاکەکان(الافراد) وە لە ژێر هەمان بارو دۆخدا، وە کرداری پەیوەندی لە نێوان جێبەجێکردنی هەردوو تاقیکردنەوەکە بە کرداری جێگیری تاقیکردنەوە دادەنرێت . وە نمرەی جێگیری تاقیکردنەوەکە بەرز دەبێتەوە هەر کاتێك جێگیریەکەی لە() نزيك بێتەوە واتە بە دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە لەسەر هەمان کەسەکان(العينة) .

# زانایانی پێوانە ئامۆژکاری بە بەکارهێنانی رێگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە لەم بارانەی خوارەوە

1. لەکاتی پێوانەی خەسلەت و سیماتی کە جێگیری تێدایە بە واتای خێرا ناگۆری بە پێ کات وەك/ زێرەکی، توانا جەستەییەکان و جوولەییەکان.
2. تاقیکردنەوەی وەرقە و قەلەم.

# بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە رێگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە ئەم هەنگاوانە دەگێریتە بەر

1. ئامادەکردنی ئەو تاقیکردنەوەی کە دویسترێت جێگیری بۆ بدۆزرێتەوە.
2. دەستنیشان کردنی تاقیکەران (العینە) کە تاقیکردنەوەکەی لەسەر جێ بە جێ دەکرێت.
3. ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بۆ جاری یەکەم ئەنجامەکان تۆماردەکرێت.
4. پاش تێپەربوونی کاتێکی دیاریکراو دووبارە تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت ئەنجامەکان تۆماردەکرێت.
5. دۆزینەوەی (معامل الارتباط) لە نێوان جێ بەجێ کردنی یەکەم و دووەم.
6. ئەگەر ئەنجامی (معامل ارتباط) نزێك بوو لە (±1) واتا ئەو تاقیکردنەوە جێگیرە.

# هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر جێگیری تاقیکردنەوە

1. درێژی تاقیکردنەوە و پێوانە وە ژمارەی هەوڵدانەکان
2. هاوشێوەی کۆمەڵەی تاقیکەران.
3. هۆکاری کۆمەلایەتی و توانای خوودی تاك وەهەروها هۆکارە کاتی وشوێنی و کەش و هوائیی.
4. مەزندکردن و لەکاتی تاقیکردنەوە پێوانە کردن.
5. کاتی تاقیکردنەوە (کاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە یان پێوانەکردن).
6. هەڵەی پێوانە

# بابەتی بوونی

یەکێکە لە بنەما زانستیەکان کە پێویستە هەبێت لە تاقیکردنەوەی باش.

بابەتی بوون مانای زۆری هەیە وە دەگۆریت بە پێ جۆری تاقیکردنەوەکان بۆ نموونە// لە تاقیکردنەوەی نووسینی واتای ئەوەیە تا چەند برگەکانی تاقیکردنەوە وە رێنمایی تایبەت روونە هەروەها روونی رێگای هەژمارکردنی نمرەکان و دەرئەنجامەکان.

بەلأم لە تاقیکردنەوەکانی کە پێویستی بە ئەنجامدانی کردەیی هەیە وەك ( جەستەیی، کارامایی) لێرە بابەتی بوون واتای نەبوونی جیاوازی هەڵسەنگێران لە بریاردان لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوە و پێوانە بە مەرجێك هەڵسەنگێران لە ئاستێکی بەرزی زانستی بن.

# رێگای هەژمارکردنی بابەتی بوون

بۆ هەژمارکردنی کرداری بابەتیبوون لەتاقیکردنەوەکان بەم جۆرە دەبێت:

1. ئامادە کردنی تاقیکردنەوە.
2. ئامادەکردنی تاقیکەران (العینة)
3. جێ بە جێ کردنی تاقیکردنەوە لەسەر تاقیکەران.
4. تۆمارکردنی ئەنجامەکان پشت بەست بە دوو هەڵسەنگێر کە هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامە کە دەکەن.
5. ووردبینی ئەنجامەکان.
6. هەژمارکردنی کرداری پەیوەندی(معامل الارتباط) پیرسون

لەنێوان نمرەکانی دوو هەڵسەنگێرەکە

کرداری پەیوەندی (معامل الارتباط) واتا کرداری بابەتی بوونە.

# کارگێری و ڕێکخستنی تاقیکردنەوە لە بواری وەرزشی

کارگێری تاقیکردنەوە پێناسە دەکرێت بەوەی:

واتە کرداری ئاراستە کردنی تاکەکان چ (تاقیکەران یان دادوەران یان کارگێرییان) کە کاردەکەن لەکاتی جێ بە جێ کردنی تاقیکردنەوەکان وە ئەو کردارە لە کرداری ئارستەکردن کورت ناکرێتەوە بەڵکو چاودێری کردنی ئەو کەسانە کە باش کاردەکەن بۆ دڵنیابوون لە جێ بە جێ کردنێکی دروست.

ڕێکخستن پێناسە دەکرێت بەوەی:

کرداری دابەش کردنی لایەنەکانی چالاکی پێویست بۆ پلاندان و ئامانجەکان.

یان ڕێکخستن پێناسە دەکرێت بەوەی:

کرداری هاوهەنگی کارە پێویستیەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانج

یان بریتیە لە دەستنیشانکردنی بەرپرسیارەتی هەر تاکێکی بەشداربوو لە کرداری جێ بەجێ کردنی تاقیکردنەوەکان.

# قۆناغەكانی كارگێری و رێكخستنی تاقیكردنەوەكان لە بواری وەرزشی

بۆ دڵنیابوون لە سەركەوتنی كرداری كارگێری و رێكخستنی تافیكردنەوە لە بواری وەرزشی پێویستە بۆ سێ قۆناغ دابەس بكرێت:

1. **قۆناغی پێش جێ بە جێ كردنی تاقیردنەوەكان.**
2. **قۆناغی جێ بە جێ كردن.**
3. **قۆناغی پاش جێ بە جێ كردنی تاقیكردنەوەكان.**

# قۆناغی پێش جێ بە جێ کردنی تاقیکردنەوەکان.

لەم قوناغە چەند هەنگاوێك دەگیرێتە بەر وەك:

**يەكەم// دەستنیشانکردنی تاقیکردنەوەکان.**

دەستنیشانکردنی تاقیکردنەوەی باش لەسەر چەند هۆکارێك دەوستێت وەك:

أ. ژمارەی تاقیکەران.

ب. ژمارەی دادوەر و كارگێرەکان.

ج. دابینکردنی ئامێر و کەل و پەل.

د. کاتی پێویست بۆ تاقیکردنەوە.

خ. دەبێ ئەو تاقیکردنەوەی دەستنیشان دەکرێت بنەمازانستیەکانی هەبێت.

ر. پێویستە تاقیکردنەوەی دەستنیشانکراو پێوەرو ئاستەکانی هەبێت.

ز. شوێنی پێویست بۆ جێ بە جێ کردنی تاقیکردنەوەکان.

ك. پێویستە ئەو تاقیکردنەوە توانای جیاکردنەوەی هەبێت.

دووەم// نوسینی تاقیکردنەوەکان و تایبەتمەندییەکانی و مەرجی ئەنجامدان و ڕێگای تۆمارکردنی.

سێ یەم// ڕووی دەفتەری تاقیکردنەوە ئەمانە لە خۆ دەگرێت» ناوی تاقیکردنەوە قۆناغی تەمەنی و ساڵ وەك ئەم نموونەی خوارەوە.

## 2. قۆناغی جێ بە جێ کردن.

لەم قۆناغی ئەم هەنگاوانە دەگیرێتە بەر:

1. پێشوازی کردن لە تاقیکەران لە لایەن کارگێرانی تاقیکردنەوە.
2. کرداری خۆگەرم کردن وە پێویستە دلنیابوونە لە چونیەتی خۆگەرم کردن.
3. جێ بە جێ کردن تاقیکردنەوە لەسەر تاقیکەران.
4. پاش تەواو بوونی تاقیکردنەوەی پێویستە سەرجەم تۆماری تاقیکردنەوە کۆبکرێتەوە.
5. پاش کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوە تاقیکەران ئاراستە دەکرێن کە دەتوانن بگەرێنەوە بۆ مالەوە.

## قۆناغی پاش جێ بە جێ کردنی تاقیکردنەوەکان.

ئەم قۆناغە ئەو هەنگاوانە دەگرێتەوە:

1. پێداچوونەوە ووردبینی لە وەرقەی تۆمار.
2. شێکردنەوە داتەکانی تاقیکردنەوە بە بەکارهێنانی هۆییەکانی ئاماری.
3. گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان کە پێگەشتووین وە وێنەکێشانی بەیانی ئەگەر پێویست بوو.